# تۆ عاشق بوی

**پێشکەشە بە فەرماندە و ژن و مرۆڤ هەڤاڵ( ڤیان )**

**ئۆژین کەرکوکی**

تۆ دڵداری پیاوێك نەبویت
تا لە رێگەی عەشقتاندا
روحی پاکت بە ئاگری خۆشەویستی
بسوتێنی
تۆ عاشقی ولاٌتێك بوی
خەونت دەدی
ئالاٌی هەبێ
سەرکردەی وەکو ئاپۆ و
سوپای وەکو گەرلا و
سنوری هەبێ.
خۆشەویستی خاك و ئاو و
ساخ و هەرد و
پێشمەرگەبوی
تۆ دڵداری تێکۆشان و
بیر و چەك و
سەرکەوتنی یەکجارەکی
هەر چوار پارەچەی
کوردستان بوی